وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٩١١
ڕێکەوت : ١٧ / ٥ / 2023

---

## بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.10- 2023) تەندەری پرۆژەی**

**(ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ گوەڕەکی ئەوبەری لە قەزای کفری وە ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی ڕاپەرین لە ناحیەی ڕزگاری )**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕیوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان ) , لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار جێبەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (120 ) سەد وبیست ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( 2 ) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( یەک شەممە 21 / 5 /2023)ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( یەک شەممە 4 / 6 / 2023) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 100,000) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شەممە 6 / 6 / 2023) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .

- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 9 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان .

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2023) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نـــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 6 / 2023**